# ۱۹ی سەرماوەز ڕۆژی جیهانی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤە

بێهروز ئەردەڵان

بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێـك بـە نـاوی مـافی مـرۆڤ لـە دوای شـەڕی دووهەمی جیهـانی لـە سـاڵی ١٩٤٨ هاتـە ئـاراوە و زۆرێـك لـە وەڵاتـانی ئاشـتیخواز لــە دامەزرانــدنی ئــەو ڕێکخراوە دەوری سەرەکیان گێڕا.

لە ئاکامی هەوڵ و ماندوو بوونی ئـەو وەڵاتانــە، ســەر ئــەنجام ڕۆژی ١٠ی دیسامبر بە ڕۆژی جارنامەی گـەردونی مــافی مــرۆڤ ناســێندرا. جارنامــەی گــەردونی مافــەکانی مــرۆڤ کــە لــە پێشەکێك و ٣٠ی بەند پێـك هـاتووە، پــێ لەســەر ئــەوە دادەگــرێ کــە ئینــسانەکان لــە مــاف و یاســادا بەرانبــەرن و مــافی هەڵبــژاردنی دەســەڵات و ئــازادیی و موڵکــداری و ئاسایشیش لەدەست وان دایە. بۆ تـێ گەیـشتن لـە نێـوەڕۆك و بێـچمی ئـەو جاڕنامەیە، نەتەوە یەکگرتووەکان هەر زوو داوای لە وەڵاتان کـرد کـە دەقـی ئەو بابەتە وەرگێڕنە سەر زمانی خۆیان و لەشیکردنەوەی دا هەڵسوڕ و کارابن تــا هــەموو تــاکێکی کۆمەڵگــەی مرۆڤایــەتی ســودی لــێ وەربگــرێ و دەسەڵاتە خۆ سەپێنەکانیش تێ بگـەن کە لادان لـەو پرەنـسیبانە لادانـە لـە یاسا. لە بەشێك لە وەڵاتانی ڕۆژ ئـاوا تا ڕادەیێك کاربەو جاڕنامە دەکـرێ و هەوڵ بۆ چەسپاندنی دراوە، بـەڵام لـە وەڵاتانی ڕۆژ هەڵاتدا وەك پێویست لـە بەرچاو نـەگیراوە و خـەڵك بـە کـەمی سودمەند بوون لەو جاڕنامەیە، چونکە زۆربــەی دەســەڵاتەکانی وەڵاتــانی ڕۆژ هەڵات بۆ خۆیـان خـاوەنی بـەراورد و بەرنامەیێکن و هەر دەسەڵاتە بە پێـی قــازانجی خــۆی و مانــەوەی دەســەڵات یاســای دارشــتوە. لــە جاڕنامــەی گەردونی مافی مرۆڤدا حوکمی قورس لە شێوەی ئێعـدام و بڕینـی ئەنـدامی لــەش و ســوکایەتی و بــەردە بــاران و بریندارکردنی هەستی مرۆڤ بە تونـدی ڕەد کراوەتــەوە کــە لــە درێــژەی بابەتەکــەدا دەقــی جاڕنامەکــە دەنووســەوە. بــە پێــچەوانەی ئــەو خاڵانەی کـە لـەو جاڕنامـەدا هـاتووە دەسەڵاتەکانی وەڵاتانی شـەرق خـەڵك ئێعدام دەکەن، تەنانەت کەسـانی ژێـر ١٨ ساڵیش. بڕینی ئەندامانی لەش و سـوکایەتی و بـەردە بـارانیش بـەڕێوە دەبــەن. کۆمەڵگــەی ئێــران کــە کۆمەڵگەیێکی زوڵم لێکـراوە ئـاواتی ئازادیــەو بــە درێــژایی مێــژووی دەسەڵاتداریەتی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکان مافی مرۆڤی تێدا پێخوسـت کـراوەو مرۆڤـی بـیر ئازادنیەکـە نـە کەوتۆتبێتە بەر سوکایەتی و زیندان و هەڕەشە. لە ماوەی ٣٠ ساڵ تەمـەنی نیزامی ئاخوندیدا مافەکانی مرۆڤ بـە شێوەی سیـستماتیك پێـشێل کـراوە، بەجۆرێك کە ئەم دەسەڵاتە لەو بارەیدا ڕووی دەســەڵاتەکانی ڕابــردووی وەك ســەفەوی و قاجـارو پاشـایەتی سـپی کردۆتەوە.

ڕابردووی ڕژیم پـڕە لـە جینایـەت لـە دژی مرۆڤایەتی و لێرەدا تەنیا باس لە دەورانی پاسدار ئەحمەدی نـژاد دەکـەم کــە لــەماوەی دووســاڵی ڕابــردوودا چەندین جینایەتی سەبارەت بە خەڵکی ئێران خوڵقاندوە. نیزیك بە ٢٥٠ کەس ئێعدام و ٣٠٠ کـەس لـە چاوەڕێ ی ئێعــدام دان. دەســت پەڕانــدن و بەردەباران بۆتە حاڵەتێکی ئاسایی لـە بێ دادگاکانی ڕژێمدا و گرتنی کچان و کوڕانی لاو لەژێر نـاوی لات و لـووت گەیــشتۆتە ئەوپــەڕی خــۆیی و زیندانــەکان ئاخێنــدراون لــە بــیر جیــاوازان. ئاســایش و ئەمنیــەتی هەموو تـاکێکی ئـازادیخواز کەوتۆتـە بەر مەترسی و هیچ ئـازاد ئەندێـشێك لە ژیـانی خـۆی ئـەمین نیـە. بـەهۆی زۆرهێنــانی لــە ڕادەبــەدەری هێــزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم هەزاران زانـا لـە ئێران چـوونەتە دەر، بەشـێوەیێك کـە دەورانــی ڕژێــم بەتایبــەت کابینــەی پاســدار ئەحمــەدی نــژاد بــە دەورانــی هەڵاتنی مێـشکەکان نـاودێر کـراوە. ڕفانــدن و بــێ سەروشــوێن کردنــی خوێنــدکار و مامۆســتایانی زانکــۆ پــەرەی ســتاندوە و، زانــستگا وەك مەکۆی خەبات لەدژی سەرەڕۆیی بۆتە شکەنجەگا لەدژی خوێندکاران و دەروی ڕونـاك و خوێنـدنی بەکـەڵکیان بـۆ خوێندکارانی سەربەخۆ نەهێـشتۆتەوە. کۆمەڵگەی ئازاد و لیبراڵی ئەم زەمەنە بــە کــردەوە جاڕنامــەی گــەردونیان کردۆتە پێوانە بۆ بـەرەوپێش چـوونیان لە هـەمووبارەکان داو لەوبارەیـدا زۆر ناوەندی خەڵات بەخـشی وەك خـەڵاتی نۆبڵ و لـەو بابەتـەیان بـۆ هانـدانی و بەرچـاوانی کۆمەڵگـە خـستۆتە گـڕو بەرچـاوتر لــە ڕابــردوو هەڵــسوریان کردون.

با خوێنەری بەڕێز خاڵەکانی جاڕنامەی گــەردونی مــافی مــرۆڤ وەخــوێنێ شــیتەڵی بکــاو بــەراوردێك لــەنێوان دەســەڵاتی ئێــستای ئێــران و پێبەنــد نەبوونی بـە جاڕنامەکـە و بانگـەوازی ڕاگەیاندنەکــە بکــا. ئــەوە دەقــی وەرگێــرداوی جارنامەکەیــە کــە لــە پەراوێزی ئەم بابەتەدایە:



١- هەموو مرۆڤێـك بـە ئـازادی لـە دایك دەبن و یەکسانن لە نرخ و پایە و مافدا عـەقڵ و ویژدانیان پێدراوە دەبێ بە ڕۆحێکی برایانە ڕەفتار لە گەڵ یەك بکەن.

٢- هەموو مرۆڤێـك شـیاوی سـوود وەرگرتنــە لــە تــەواوی ئــەو مــاف و ئازادیانەی لـەم بانگـەوازە دا هـاتوون بێ جیاوازی ڕەگەز و جنس و زمـان و باری رامیاری و بنەمای نیشتمانی.

٣- هــەموو کەســێك مــافی ژیــان و ئازادی و ئاسایشی هەیە.

٤- نابێ کەس بکریت بە کۆیلە.

٥- مرۆڤــ نــابێ شــکەنجە بکــرێ و ڕەفتاری توونـد و تیژی وەحشیانەی لـە گەڵ بکرێ.

٦- هر کەسێك لە شوێنێك بــێ مــافی دانپێدانانی کەسایەتی یاسایی هەیە.

٧- هەموو مرۆڤێك لە بەردەم یاسا دا یەکسانن و مافی پاراستنیان هەیە.

٨- بـۆ هــەموو کەســێك هەیـە پـەنا بەرێتە بـەر دادگـا نیـشتمانیەکان بـۆ پاراستنی ئەو مافـە بنەڕەتیانـەی کـە یاسا و دەستوور پیێ داوە.

٩- نابێ کەس بـە شـێوەی ڕەمـەکی بگیرێ یا دەسـت یـا دەسـت بـە سـەر بکرێ و دوور بخرێتەوە.

١٠- بـۆ هــەموو کەسـێك هەیـە بـە شێوەیێکی ڕەوا مافی روون کردنـەوەی سکاڵای بکات لە بەر دەم دادگـایێکی سەر بە خۆ و بێلایەن و بە شـێوەیێکی ئاشکرا بێت.

١١- هەموو مرۆڤێکی تاوانبار کـراو بــە تاوانێــك بێگوناحــە، هــەتا لــە دادگــایێکی ئاشــکرا بــە پێــی یاســا تاوانەکەی دەسەپێندرێت و دەبــێ لــەو دادگایــە دا هــەموو گەرەنتێــەکی پێویست بۆ دیفاع کردن لە ئەودا دابین کرابێـت. کـەس بـۆ ئـەنجام دانـی یـا نەدانی کارێـك کـە لـە کـاتی ئـەنجام دانیدا بە پێی یاسـای نیـشتمانی یـان نێودەوڵەتی بە تـاوان دانـەنراوە، سـزا نادرێت هەر وا سزایێکی قورستری بـە سەر دا ناسەپێندرێ و لەو سزایەی کـە لە کاتی ئـەنجام دانیـدا بـە سـەری دا سەپێندراوە.

١٢- نــابێ ژیــانی تایبــەتی، ژیــانی خێزانــی، شــوێنی دانیــشتن یــا نووسینەکانی هیچ کەسێك بە ڕەمەکی دەستی تێوەر بدرێت وە بـەر پـەلامار بکەوێت. هەموو کەسـیش مـافی خـۆ پاراستنی لەو جۆرە کردارانە هەیە.

١٣- (١) هــەموو کەســێك ئــازادی هاتووچوو و هەڵبژاردنی شوێنی خـۆی هەیە لە نێو سنوری هەر دەوڵەتێك دا. (٢) هەموو کەسێك مافی هەیە هەموو وەڵاتێك و لەوانەش وەڵاتـی خـۆی بـە جـێ بهێڵێـت یـان بـۆ وەڵاتـی خـۆی بگەڕێتەوە.

١٤- (١) هەموو کەسێك بۆی هەیـە پەنا بەرێتە هەموو وەڵاتێك لە ترسـی چەوسانەوە و لە ناو بـردن و شـکەنجە. (٢) لەو حاڵەتانەی بە دوادا گەران لـە ڕاستیدا لـە سـەر بناغـەی تـاوانێکی گــشتی و ناسیاســی یــان هەڵسوکەوتێکی پێچەوانەی بنـەما و ئامانجـەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بێت.

١٥- (١) هەموو کەسێك مـافی هـاو نیشتمانیەتی خۆی هەیـە. (٢) نـابێ بــە زۆر ئــەو مافــە لــە کــەس وەر بگیرێتەوە یان مافی گۆرینی نەدرێتێ.

١٦- (١) پیاو و ژنی ڕەبەن مافی ژن و مێردایـەتی و دامەزرانـدنی خێزانیـان هەیە، بێ گویدان بە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین لە تەواوی ماوەی هاوسـەریەتیدا یـان هەڵوەشـاندنەوەی دا ژن و مێـرد خــاوەنی مــافی یەکــسانن.(٢) هاووسـەریەتی دەبـێ بـە ڕەزامەنـدی تەواو و ئازادانـەی ژن و مێـرد ئـەنجام بدریت.(٣) خێزان بناغـەی سروشـتی کۆمەڵگایە، ئەو مافەی هەیە کـە لـە پاراستنی کۆمەڵگا و دەوڵـەت سـوود وەر بگرێت.

١٧- (١) هــەموو کەســێك مــافی موڵکایەتی هەیە بە تەنیا یان لە گەڵ خەڵکدا. (٢) نابێ بە ڕەمەکی موڵـك لە هیچ کەس بستێنرێت.

١٨- هەر کەسێك مـافی ئـازادی بـیر کردنەوە و ویـژدانی و ئـایینی هەیـە. هەر کەسێك دەتوانێ عەقیـدەی خـۆی بگۆری.

١٩- هەر کەسێك مافی ئازادی بیر و را دەر برینی هەیە. ئەم مافە ئـەوەش دەگرێتەوە کە لە بوونی بـیر و بـاوەری خۆی نەترسێ و لـە بەدەسـت هێنـانی زانیاری و بیر وهزر و بـڵاو کردنـەوەی بە هەموو ئامرازێك و بە بێ هیچ تـێ بینێك ئازاد بێت.

٢٠- (١) هەموو کەسێك مافی ئازادی و بەشدار بوونی لە کۆمەڵە و دەستە و تاقمە ئاشتی خوازەکانـدا هەیـە. (٢) ناتوانرێ کەس بە زۆر ناچار بکرێت لە کۆڕ و کۆمـەڵێك دا بەشداری بکات.

٢١- (١) هــەموو کەســێك مــافی بەشدار بوونی هەیە لە بـەڕێوە بردنـی کار و باری گشتی وەڵات دا، ڕاسـتە و خۆ یان بە شێوەی نوێنەر هەڵبـژاردن. (٢) هەموو کەسێك ئەو مافەی هەیـە لە هەلو مەرجی یەکسان، کار و بـارە گشتیەکانی وەڵاتی خـۆی لـە ئەسـتۆ بگرێـت.(٣) ویستی خەڵك سەر چـاوە و بناغەی دەسەڵاتە. ئەم ویستە دەبـێ لە ڕێگەی هەڵبـژاردنێکی خۆلـەکی و ڕاسـت بخرێتـە ڕوو. هەڵبـژاردن دەبـێ گـشتی و بـە یەکـسانی و دەنگـدانی نهێنی بە شێوەیێکی هاوبـەش ئـەنجام بدرێت کە ئـازادی دەنگـدان مـسۆگە بکات

٢٢- (١) هەر کەس ئەندامی کۆمەڵ بێت مافی بیمەی کۆمەڵایـەتی هەیـە. وە دەبێ بە گوێرەی دەستوور و یاسـای هــەر دەوڵــەتێك مــافی ئــابووری و کۆمەڵایـەتی و فەرهــەنگی و گەشــە کردنـی ئازادانـەی کەسـیەتی دابـین بکرێت. (٢) هــەموان ئــەو مافــەیان هەیە کە لە بەرامبـەر کـاری یەکـسان بە بێ هیچ جیـا کارییـك حەقدەسـتی یەکسان وەر بگرن. (٣) هەر کەس کە کــار دەکــا شــیاوی ئەوەیــە کــە حەقدەســتی داد پەروەرانــە و جێــی ڕەزامەندی وەر بگرێـت کـە بـە پێـی بنــەما مروویــەکان ژیــانی ئــەو و خێزانەکەی دابین بکات و لـە حاڵـەتی پێویــستدا بــە شــێوەیێکی دیکــەی پاراستنی کۆمەڵایەتی تەواوی بکـات. (٤) هەر کەسێك ئەو مافەی هەیە کە بۆ دیفاع کردن لە قازانجەکانی خۆی لە گەڵ کەسانی دیکە سەندیکا درووست بکا یان ببێتە ئەندامی سەندیکاکان.

٢٣- هەموو کەسێك مافی کار کردن و ئازادی هەڵبژاردنی کاری هەیە و مافی بوون بە ئەندامی سـەندیکای هەیـە و بۆی هەیە داوای هەلومەرجێکی شیاو بۆ کار بکات.

٢٤- هەموو کەسێك مافی پشوودان و کاتی ڤاڵا و دیاری کردنێکی لە بارەی سەعاتەکانی پشوو دانی دەووری هەیە و بە وەر گرتنی مووچەی خۆی .

٢٥- (١) هــەموو کەســێك مــافی ژیــانێکی تێــری هەیــە کــە بەشــی پاراســتنی لــەش ســاغی و خــۆش گوزەرانی خۆی و خێزانی بکـات. (٢) دایکان و منداڵان مافیان هەیە سوود لە چاودێری و یارمـەتی تایبـەتی وەر بگرن. منداڵانی بێ باب یـان هـەڵبراو لە دایك و باب هەموویان بە یەکسانی مافی پاراستنی کۆمەڵایەتیان هەیە

٢٦- هەموو کەسێك مافی فێر بـوونی هەیە وە دەبێ بـەلای کەمـەوە پلـەی سەرەتایی و بنەڕەتیەکانی خوێندن بـە خۆرایی بێت. وە خوێنـدنی سـەرەتایی بــە زۆر بــێ و خۆێنــدنی پێــشەیی و هونـەری بـڵاو بکرێتـەوە و باوکـان و دایکـان خـاوەنی مـافی یەکـەمن لـە هەڵبژاردنی شێوەی پـەروەردە کردنـی منداڵەکانیان.

٢٧- (١) هــەموو کەســێك مــافی ئەوەی هەیە بە ئازادی بەشداری ژیانی فەرهەنگی کۆمەڵگە بکات و چێژ لـە هونــەر وەربگــرێ و بەشــداری لــە پێشکەوتنی زانستی بکات و سود لـە بەرهەمەکانی وەرگرێت. (٢) هــەموو کەســێك مــافی پاراســتنی قــازانجی مەعنــەوی و مــاددی هەیــە کــە دەگەرێتەوە بۆ بەرهەمە زانـستی یـان ئەدەبی یان هونەریەکانی.

٢٨- هــەموو کەسـێك مـافی ئـەوەی هەیە داوای سیستەمێکی وەها بکـات کــە لــە ڕووی کۆمەڵایــەتی و نێودەوڵەتیەوە ئـەو مـاف و ئازادیانـە دابـین بکـات کـە لـەم بانگـەوازە دا نووسراوون بە تەواوی جێ بـە جێیـان بکات.

٢٩- (١) هەر کەسێك لـە بەرامبـەر ئەو کۆمەڵگایە دا بـەر پرسیارە کـە هەلومەرجی پێویست بۆ گەشە کردنی ئــازادی و تــەواوی کەســایەتی ئــەو دەرەخسێنێ (٢) هەر کەسێك لە جـێ بە جێ کردنی ماف و کەڵك وەرگـرتن لە ئازادیەکانی خۆی تـەنیا ملکەچـی ئەو بەر بەستانەیە کە بە هۆی یاسـاوە بۆی دیاری دەکرێت بە مەبەستی ناسین و ڕێز گرتن لە ماف و ئازادی کەسانی تـر و هــەروا لــە بــەر چــاو گــرتنی پێویــستیە دروســتەکانی ئــەخلاقی و ڕێکووپێکی گشتی و خۆش گـوزەرانی گــشتی کــە لــە کۆمەڵگــەیێکی دیموکراتیدا دانراوون.

(٣)- نابێت بـە هـیچ شـێوەیێك ئـەم مــاف و ئازادیانــە دژ بــە ئامــانج و پرەنسیپەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بەکار بهێنرێت.

٣٠- هیچ دەقێکی ئەم بانگەوازە نابێ وا لێك بدرێتـەوە کـە ڕێگـە بـدا بـە دەوڵەتێك یان کۆمەڵگایێك یان تاکـە کەسێك کە مافی ئەوەیان هـەبێت کـە کارێکی وا بکەن دژ بەم بانگەوازە بێ.

***